www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:40 11-10-2006

## لە گۆڕەپانی ململانێ سیاسییەکاندا ژیان شتێکە و، ئیدارەکردنی شتێکی تر ... فەهمی حەمە تۆفیق

سروشتی مرۆڤایەتی لە سەرەتای دروستبوونەوە بە جۆری جیاواز لە کێبرکێ و بەرامبەربوونی دوو جۆری جیاواز لە بیروبۆچوون و کردەوە و رەفتاری خودی مرۆڤەکان درێژەی کێشاوە، ژیان بێ ئەو حاڵەتە لەلایەك ئامانجەکان ناهێنێتە دی و لەلایەکی تریشەوە لەزەت و خۆشیی تێدا نابینرێت، تاڵ و شیرین و راست و چەوت و گەورە و بچووك و دادپەروەری و زوڵم و... هتد پێکەوە دەناسرێن، هەڵسەنگاندنی هەر شتێك بە دیاریکردنی چەند خاڵێك و بەراوردکردنی بە غەیری ئەو شتە، ئەنجا دەردەکەوێت چییە و چۆنە.

ئەمە شتێکە و ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی حاڵەتەکە بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ رەوتی ژیاندا شتێکی ترە، واتە حاڵەتی کێبرکێ و موونافەسە ئاساییە، بەڵام بەڕێوەبردنی بە شێوەی ململانێی شەریفانە و دوور لە ئاڵۆزبوون، گرانە و هەموو کەسێك ناتوانێت پەی پێ ببات و خۆی و بەرامبەرەکەی بە راستی بناسێت و بشیناسێنێت بە سێیەم، هەر بۆیە لە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتیدا جەنگ و هەرای نەخوازراو و ناحەق دروست دەبێت، هیچ لایەکیان ناتوانن قەناعەت بە شەرعیبوونی جەنگ و هەراکە بکەن، ئەمەش رەنگە بەشێکی زۆری لەسەر سروشتی کەسەکان وەستابێت، وەك دیاریکردنی دوو رەوتی جیاواز لەلایەن دوو کەسی بەرەیەکی دیاریکراوەوە، ئیتر مەرج نییە بزانرێت کامیان راستتر و ئاسانترە، بێگومان ئەگەر لە دوو بەرەی جیاوازدا بن، حاڵەتەکە زەقتر دەبێتەوە.

بازنەی ئەو باسە فراوان ناکەم و کورتتر لە بەشێکی سروشت و پێکهاتەی سیاسی و ئاینی و ئایدیۆلۆژیی ئەم کوردستانە دەدوێم، کە خۆمان لەگەڵ واقیعەکەیدا دەژین و دەزانین بە چ ئاقارێکدا گوزەری کردووە و دەکات، ئەگەرچی زۆرێك پێیان وایە کە لە عەقڵیەتی ناوچەکەدا کەم ئارامی بە شێوەیەکی گشتی رێژەیەکی زۆری داگیر کردووە، لەوەی کە لە زۆر حاڵەتدا پەنا بۆ عاتیفە و خوێندنەوەی رووکەش دەبرێت و کەمتر خوێندنەوەیەکی راستەقینەی زانستی و واقیعیی بەرامبەر دەکرێت، بۆیە بە راست و چەپ لە بەرامبەر دەدرێت و هەرگیز دان بە هەڵەی خۆیدا نانرێت، خوێندنەوەی مێژوویی ناوچەکە و ئەگەر کوردستانیش بەنموونە وەربگرین لە تاکەکان و دواتر تێپەڕاندنی بارودۆخەکان، ئەمە بە روونی دەردەکەوێت، ئیتر ئەگەر باس لە بواری دەروونناسییەکەی بکرێت، پێدەچێت روونتر قەناعەت بە حاڵەتەکە بکرێت کە ئەوەش پسپۆڕی خۆی هەیە.

ئێستای هەرێم کە لە چەندین حاڵەتی لەو جۆرەدا دەگوزەرێت، ئیسلامی و ئیسلامی، عەلمانی و عەلمانی، ئیسلامی و عەلمانی، ناوچەگەری و مەزهەبی و... هتد، کە ئەگەر هۆشیارانی نێو گۆڕەپانەکە و چەند بار و حاڵەتێکی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی نەبوایە، هەر رۆژێك گیرۆدەی داخ و حەسرەتی کەسێك و دەستەیەك دەبووین، کەواتە لێرەوە جارێکی تر دەگەڕێمەوە قسەکەی پێشوو کە ئیدارەکردن و بەرەو دروستی بردنی رەوتە جیاوازەکان، کەسی خۆی دەوێت و هەرێمەکە لە کەناری هێمنیدا دەپارێزرێت.

رەنگە مەبەستەکەم زیاتر بۆ ناو چینی رۆشنبیران و نووسەران بێت، کە وەك کورد دەڵێت (سەد حەکیم ئەوەندەی دەردەدارێك نازانێت)، کەسانێکیش لەو چینە کە لە دەرەوەی بازنەی حیزب و رەوتە سیاسییە ئامازەپێکراوەکانی خۆیاندا بن هەزاران شت بڵێن و بنووسن و بورووژێنن، سودی پووشێکی بۆ بەرپرسان و خاوەن پرۆژە سیاسییە کارلەسەرکراوەکان نییە، کە بێگومان هەر لایەنێك بە بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەنگاو دەنێت، ئیتر ئەستەمە گوێ بۆ قسەی ئەو کەسانەی تر بگیرێت. نامەوێت چینی رۆشنبیرانی گەلەکەم بە هەڵە لێم تێ بگەن و تەئویل و تەفسیری جۆراوجۆری بۆ بکەن،

چونكە من مەبەستم جۆری هەندێ لە نووسینەكانە لەو بوارە تایبەتەدا نەك كەسێتی و قەڵەمی نووسەر و رۆشنبیرەكە، بۆ نمونە كاتێك باس لە یەكخستنەوەی ئیدارەكان دەكرا، بێگومان باسەكە لە نێوان (پارتی و یەكێتی) دا بوو، لەو بوارەدا دەكرا دوو شێوازی قسە و نووسین بەرچاو بكەون و ببیسترێن، یەكەمیان وەك گلەیی و مەترسیی حاڵەتەكە و رەخنەگرتن و، لەو میانەشدا چەند پێشنیارێكی گونجاوو دروست. دووەمیان وەك ئامۆژگاری و دەبوایە ئاوا بكرایە و.. پێویستە ئاوا بكەن و.. لەو میانەشدا تاوانباركردنی لایەك بەسەر لایەكی تردا و لكاندنی چارەنووسی گەلی كورد پێوەی، كە بێگومان لە بەشی دووەمدا بێجگە لەوەی تەنها وەك شیكردنەوەیەك بێت، ئەوی تر رەنگە تەنها خۆماندووكردن و قسە فرێدان بێت و زۆر جاریش ئاڵۆزكردنی كێشەكان بێت. بە كورتی ئەگەر بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە لەسەر قسە و بۆچوونی ئەو كەسانە بڕۆشتنایە، دەبوایە هەر رۆژێك لە قوڕاو و تەنگژەی كێشەیەكدا گیریان بخواردایە، چونكە یەكێك شتێكی دەوت و یەكێكی تر بە پێچەوانەوەی.

نمونەیەكی تر باس لە هەنگاو و كاری یەكگرتووە كە لە هەندێ مەسەلەدا چەندین شتی جۆراوجۆری لەبارەوە دەوترا، وەك قسەكان لەبارەی چۆنێتیی بەشداریی لە هەڵبژاردنەكان و هەروەها پرسی ئۆپۆزسیۆنبوون و بەشداربوونی لە حكومەتی نوێی هەرێمدا..

بێگومان هەموو لایەك دەزانین چەندین شتی عەنتیكە و جۆراوجۆر لەوبارەوە دەخرایە روو، هەروەك بەردەوامیش خوێندنەوەیەی هەڵە و نادروست بۆ ئەو حیزبە دەكرێت، لە بەرمبەردا ئەگەر بەو پێیە بووایە دەبوو دوو حیزبی پارتی و یەكێتی زۆر ناسروشتییانە مامەڵەیان لەگەڵ یەكگرتوودا بكردایە، بەڵام نوسینەكان شێوازێكیان هەبوو و، هەڵوێستە سیاسیەكان شێوازێكی تر، كە ئەمانە هەموو خوێندنەوە و ئیدارەیەكی نادروستن بۆ واقیعێكی دیار، دەكرێت هەریەكێكیش لەو نووسینانە و غەیری ئەوانەش لە هەر بوارێكدا مەبەستێكی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی لەپشتەوە بێت.

ئەمە هەروەك ئەو یاریزانەی نێو گۆرەپان وایە كە زۆر بە ئەستەم گۆڵێكی بۆ تۆمار دەكرێت، یان ئامانجێك دەپێكێت، بەڵام هاندەران و بینەرانی هەزار پرت و بۆڵە دەكەن كە بۆچی بەدڵی ئەوان نەبوو، لە كاتێكدا ئەگەر هەر كەسیان لەجێی ئەو بوونایە لەو خراپتریان بەسەر دەهات.

بۆچی هەندێ لەو نووسەر و رۆشنبیر و سیاسییانە ئەوەندە لە غەمی ئەم گەل و نیشتمانەدا نین، كە بەو جۆرە رق و قینی دڵی خۆیان هەڵدەرێژن و بە غەمی گەل و نیشتمانیشی لەقەڵەم دەدەن؟ گوایە من و تۆیەكی تازەپێگەیشتوو و چەند ساڵێك ژیاو لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا، لەو بەرپرس و سەرۆك و سیاسییە خاوەن ئەزموونانە دڵسۆزتر و ژیرترین؟ یان ئەوەندەی ئەوان لە غەمی ئەم گەل و میللەتەداین كە شتێك باس بكەین و لە بیرمان بچێت ئەوان بەناخیدا رۆچوون؟ بۆیە دەڵێم (روانین) بۆ شتەكان ئەگەر بە عاتیفە بێت و لە هەر بارودۆخ و سروشتێكی جیاوازدا بێت، زیانی بۆ كەسەكە دەبێت و بەس، ئەوەش لە رووی دەروونی و كەسێتی خۆیەوەیە، بەڵام (كاركردن) بەو شێوازە زیانەكە دەگوازێتەوە لە كەسەكەوە بۆ دەوروبەر و بەرامبەریش بە شێوازێكی جیاواز، ئیتر دوور نییە ئەگەر بازنەی كاركردنەكە فراوان بێت زیانی گەورەی بەدوادابێت.

دەستخستننە ناو ئیدارەی گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و فیكری لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، كاتێك بەو شێوە بیركردنەوەوە بڕیار لەسەر مەسەلەكان دەدرێت، بێگومان بەرامبەرەكەش خاوەن بڕیاری خۆیەتی، ئیدی بەرامبەربوونێكی نادروست روو دەدات و ململانێیەكی ناشەرعی و ناشەریفانەی لێ دەكەوێتەوە، بەڵام روانین و كاركردنی بابەتیانە و واقیعیانە زۆر جار لە شیكردنەوەیەكی سروشتی شەخسیی بەدەر نابێت و لە ئەگەری بڕیاردانیشدا رەوتی ئیدارەی مللانێیەكی دروست گەشەپێ دەدات، رەنگە كەم جاریش بكەوێتە حاڵەتەكەوە.

کەواتە دەمەوێت لە درێژەی باسەکەمەوە بگەمە ئەوەی کە ململانێی سیاسی و فیکری و ژیان لەناویدا شتێکە و، بوونە خاوەنی بڕیار و ئیدارەکردنی.. شتێکی تر، ئەوەی کە پێویستە ئێمەی رۆشنبیران و نووسەرانی نەوەی نوێی تێدا بژین یەکەمیانە، چونکە لەو ژینگەیەدا دەتوانین گەشە بە فیکر و بۆچوونی خۆمان بدەین، پاشانیش خۆمان تۆکمە بکەین بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو و لێوان لێو لە دانایی و پەند و هۆشیاری بۆ ئەو کاتەی دەتوانین بگەینە حاڵەتی دووەمیان و خاوەن بڕیار و پرۆژە و رای سەرکەوتوو بۆ ئیدارەکردنی هەر ململانێ و کێبرکێیەکی رۆژگاری ژیانی سیاسی و فیکریمان، لێرەشەوە لە کوردستانێکی بەردەوام پڕ لە لایەنە بەرامبەرەکانی عەلمانی و ئیسلامی و مەزهەبی و توندوتیژی و... هتددا دەتوانین رەنگێکی جوان بنەخشێنین پێکەوە لە خزمەتی نیشتماندا و هەرلایەکیش بە جیا هەر لە خزمەتی نیشتماندا دەبین، چونکە وەك خۆمان دەناسین ئەگەر بەرامبەرەکەشمان نەناسین، خۆ لەو نێوەندەدا لە واقیع و گۆڕەپانەکە شارەزا و بەئاگادەبین، بەڵام لە پێچەوانەکەیداین، بۆیە هەمیشە بارودۆخەکانمان لە وڵاتانی پڕ لە کێشمەکێش و ململانێی چڕوپڕ و بەردەوام ـ بەڵام پێشکەوتوو ـ جیاوازین، ئەوان سەرکەوتوو و خۆشگوزەران و، ئێمەش لاواز و ژیانێکی پڕ لە حەسرەت..